




# گەڕان بەدوای سەرچاوەی داهات
# لەپێناو بەدەستهێنانی ئابوورییەکی بەهێزو سەربەخۆ





سەرڕەای جیاوازییەکان تائێستا حکومەتی ناوەندی عێراق، هەرێمی کوردستانی بەبەشێك لەعێراق سەنترالٚی داناوە؛ عێراقێکی پڕ لە ململانێی تائیفی و حزبی ئاخنراو بە کێشەی سیاسی چارەسەرنەکراو، کە تا دێت توندوتیژی و کارە تیرۆریستیەکان روو لەهەڵکشان دەکات و کاردانەوەی توندیشی لەسەر ئەدای حکومەتی بەغدا دروستکردووەو حکومەتێکی تاکڕەویی دوور لەفیدرالییەتی لێکەوتۆتەوە. ئەم دۆخە ئاڵۆزو پڕ لە پشێوییەی بەغدا کاریگەریی خراپی لەسەر ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری لەناو هەرێمی کوردستانیش دروست کردووە. هەربۆیە دووبارە پرسە ئابووریی و دارایی و نەوتیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بوونەتە سەردێڕی هەواڵەکان و قسەوباسێکی زۆریان لەبارەوە کرا.

لەم قۆناغە هەستیارەدا ئابووری هەرێمی کوردستان پێویستی بەدوو خاڵی گرنگ هەیە ئەویش (سەقامگیریی و بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات)، ئەمەش لە پێناوی خێراکردنی گەیشتن بە ئابووری بازاڕ و جێبەجێکردنی پرۆسەی بونیاتنانی ژێرخانی هەرێم، سەرەتای رێگاش لە دەربازبوون لەپاشکەوتەیی عێراق و بەدەستهێنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ دەست پێدەکات کە رەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی قورس بێت، بەڵام ئاستەم نییە. دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا شارەزا لەبواری یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی کە لەرووی یاسایی و دەستوورییەوە شارەزایی لەدەستووری عێراقی هەیە لەم رووەوە لەلێدوانێکی تایبەت بەگۆڤاری گوڵانی راگەیاند: بەو پێیەی ئێمە لەرووی دەستوورییەوە بەشێکین لە عێراق و ناتوانین لەناو ئەو دەستوورە بەتەنیا مادده ئابوورییەکان جیا بکەینەوە تاوەکو لەپاشکەوتەیی ئابووریی عێراق دەربازمان بێت، بەڵام خۆ دەگرێت خۆمان لەو یاساو بڕگانە لابدەین کە ئابوورییەکەمان بەرەو ئابووری مەرکەزی و کەرتی گشتی دەبات، چونکە دەسەڵاتی ئیئتلافی سەردەمی پۆل بریمەر حاکمی عێراق کۆتایی بەو ئابوورییە مەرکەزی و گشتییە هێناوەو عێراق و ئێمەش ئیدعای جێبەجێکردنی دەکەین و تارادەیەکیش جێبەجێمان کردووە، لەم روانگەیەوە دەکرێت هەنگاوەکانی بەدیهێنانی سەربەخۆیی بنێین، بەڵام دەبێت سەرەتا خوێندنەوەمان بۆ ئەو هۆکارانە هەبێت کە رێگرە لەسەربەخۆیی ئابووری لەوانە: تا ئێستا ئابووری هەرێم پابەندە بەو بەشە بودجەیەی کە لە عێراقەوە بۆمان دێت، بودجەکەش کەم نییەو بودجەیەکی باشە کە لەساڵی ٢٠٠٣وە بۆمان دێت، دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکەین؛ کە نەمانتوانیوە ژێرخانی ئابووری بونیات بنێینەوە تاوەکو لەهەرێمی کوردستان منەتمان بەو بەشە بودجە نارێك و ناشەفافیەتە نەبێت کە لەبەغدا وەکو سەدەقە بۆمانی دەنێرن. تەنانەت ناردنە دەرەوەی ٢٥٠- ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کە لە کێڵگەکانی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت و رەوانەی تورکیاو بازاڕەکانی جیهان دەکرێت بەم بڕە پێترۆڵەو داهاتەکەی ناتوانرێت پێداویستیەکانی هەرێم دابین بکرێت. هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لەە کێڵگە و بیرە نەوتیەکان زیاتر بکرێت و بەشێوەیەکی شەفاف



**ئابووری هەرێمی کوردستان لە پێناوی خێراکردنی گەیشتن بە ئابووری بازاڕ و پرۆسەی بونیاتنانی ژێرخان پێویستی بەسەقامگیریی و بەدەستهێنانی داهات هەیە، سەرەتای رێگاش لە دەربازبوون لەپاشکەوتەیی عێراق و بەدەستهێنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ دەست پێ دەکات**

**گەیشتن بە ئابوورییەکی سەربەخۆ مەبەست ئابووری دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە بەڵکو ئابوورییەکە کە پشت بەخۆی ببەستێت و پاشکەوتەی ئابوورییەکی مەرکەزی کلاسیکی نەبێت ئەمەش ئەزموونێکی نوێیەو رەنگە لەمێژووی دەوڵەتە فیدراڵییەکان تا ئێستا دروست نەبووبێت**

**دانانی مەرج و ڕێنمایی نوێی ئابووری و وەبەرهێنان کە لەبەرژەوەندی ئابووری هەرێم بێت بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاو داهاتوو پێویستە تاوەکو زیاتر ئابووری هەرێم کەمکورتی بەخۆیەوە نەبینێت**

**پشتبەستن بە ١٧٪ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراق کە خۆی لەخۆیدا لەباشترین کاتدا لە ١١-١٢٪ تێپەڕ ناکات، ئەمە بەیەکێک لە پاشکەوتەکانی دارایی و نەختینەیی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

و روون لەبونیاتنانـــەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمەکە خەرج بکرێت، چونکە ئەو بڕەی ئێســـتا بەرهەم دەهێنرێت لەتوانایدا نییە پێداویستی هەرێمەکە پڕ بکاتەوە، بەڵام بەمەرجێك دەبێت بەجددیی رووبەووبوونەوەی هەموو گەندەڵییەك ببینەوە.

ئەم شـــارەزایە یاساییە ئاماژەی بەدوو کێشەی سەرەکی کرد کە ئەمــــڕۆ و لەداهاتوودا بمانەوێت یا نەمانەوێت رووبەووی دەبینەوە، کە بەداخەوە تا ئێستا زۆر لەوانەی خۆیان بەچاودێری سیاســـی یا شـــارەزای ئابووری دادەنێن زیاتــــر بۆچوون و پێشـــبینیەکانیان بۆ ئەمڕۆیە نـــەك روئیایەکی درێژخایەنی هەبێت هەربۆیە بەڕێزیان لەمبارەیەوە وتی: چارەســـەرکردنی کێشـــەو گرفتە ئابوورییەکانی ناوخۆ پێش ئەوەی رووبدات و ببێتە قەیران ئەرکی بڕیاربەدەستدان و دەسەڵاتدارانی هەرێمە خۆئامادەکردنیـــان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیران و گرفتە پێشـــبینبکراوانەیان هەبێت، بۆ نموونە هەڕەشەکانی مالیکی پێویستە بەجددی وەربگیرێت و ئەمڕۆ بێت یا سبەی جێبەجێ دەکرێـــت نابێت خۆمان بخەینە بەردەم قـــەدەرو بڵێین ئەمڕۆ فڵانە کێشـــە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەســـەر دەکەین و کێشەکە کۆتایی دێت، مەســـەلەی دووەم چارەسەرکردنی گرفتەکانـــی گەندەڵی و خـــراپ بەڕێوەبردنـــی ئابوورییە لەناو هەرێمی کوردســـتان کە وایکردووە ژێرخانی ئابووریمان بەشێوەیەکی باش بونیات نەنرێتەوەو کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و بەکارهێنەرمان لێدروست بووەو لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەســـازیی زۆر دوور کەوتووینەتەوە ئەمەش نیشـــانەی نەبوونی ســـتراتیژییەتی ئابوورییە، کە باوەڕناکەم لەم رووەوە هیچ ڕێگرییەك هەبێت بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی بەرهەمهێنان و ئابـــووری بەهێزمان هەبێت .ئەوەی ئەمـــڕۆ لە هەرێمی کوردستان لەرووی بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە بەتایبەتی بابەتی داهاتەکان درکی پێ دەکرێت تەنیا سیاســـەتی بەڕێوەبردنی باری بژێوی رۆژانەیە یا ســـاڵانەیە بێ ئەوەی بیر لەژیانی ٤٠ ساڵی داهاتوو بکەینەوە و پلانی درێژخایەنی ٢٥ ساڵەو بەرنامـــە دوورمەوداکانـــی بەڕێوەبردنـــی ئابووریمان نییە. حکومەتی عێراق هەر لەساڵی ١٩٢٦ەوە مەترسی سەربەخۆیی کوردســـتان و ویلایەتی ئەو کاتی موســـڵی هەبووە تەنانەت وڵاتانی دراوسێش ئەو ترســـەیان هەیە ئەو راستیەش دەزانن کە بەســـەربەخۆیی ئابووری و بونیاتنانی ژێرخانێکی پتەو و ئابوورییەکی بەهێز ســـەرەتای ڕێگا بۆ دەوڵەتی کوردستان دەست پێ دەکات .

بەمشێوەیە گرفت و کێشە لەبەڕێوەبردنی ئابوورییەکی بەهێز هەیە، تەنانەت نەبوونی ستراتیژییەتی درێژخایەن کاریگەریی خراپی لەســـەر چارەنووســـی ئابووری هەرێمەکە هەیە ئەمە جگە لەوەی دوژمنانـــی هەرێمەکە بەبەردەوام بەدوای خاڵی بێ هێزی هەرێمەوەن، هەربۆیـــە کاتی ئەوەهاتووە کۆمەڵێك کاروکردەوەی چاکســـازیی و گۆڕانکاری لە ئابووری هەرێم و یاســـاو ڕێنماییەکانی بازرگانـــی و وەبەرهێنان بکرێت لەم رووەوە دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی شارەزا لە بواری ئابووری لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان ســـەبارەت بەم باسە وتی: دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان توانی لەچەند ساڵی رابـــردوو تارادەیەك ژێرخانی ئابووری چاکبکاتەوە، ئێســـتا کاتی ئەوەهاتووە ئەم ژێرخانە بونیات بنێتەوە کە پارەو کاتێکی زۆری دەوێـــت، لەپێناو کەمکردنـــەوەی کات و خێراکردن لە جێبەجێکردنی پرۆسەکە ئابووری هەرێمی کوردستان پێویستی بە دووبارە دارِشـــتنەوەی کۆمەڵێك یاساو ڕێنمایی هەیە کە لەگەڵ ستراتیژییەتی داهاتووی بگونجێت بەتایبەتی دووبارە هەمواركردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و مۆڵەتدان بەکۆمپانیاکان و مەســـەلەکانی وەرگرتنی باج و رسومات و ئاراستەکردنی کۆمپانیاو بیزنســـکاران بەرەو کەرتـــە بەرهەمهێنەکان . لە وەڵامـــی پرســـیارێکدا بەوەی ئایا لەگـــەڵ دانانی مەرج و ڕێنمایی نوێیە بەتایبەتی لەپێناو ئاراستەکردنی کۆمپانیاکان بۆ رووکردنـــە کەرتەکانی بەرهەمهێنـــان ئەمە کاریگەریی لەســـەر کەمکردنەوەی وەبەرهێنان نابێت ئال ئیدریسی وتی: یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ئاسانکاریی باشی بۆ وەبەرهێنەکان پێشکەشـــکردووە بەرادەیەك تەنانەت لەئابووری عێراقیـــدا ئەم ئاســـانکارییە بوونی نییە، ئەمـــە لەکاتێکدا ئابووری عێراق بەدەســـت شـــەڕی تیرۆرەوە گیـــرۆدە بووەو وەبەرهێنەکان بەتایبەتـــی وەبەرهێنی بیانی ناتوانێت روو لەو ناوچە نائارام و پڕ لەمەترســـییانە بکەن کەواتە دانانی مەرج و ڕێنمایـــی نوێی ئابووری و وەبەرهێنـــان کە لەبەرژەوەندی ئابووری هەرێم بێت بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاو داهاتوو پێویستە، تاوەکو زیاتـــر ئابووری هەرێم کەموکورتی بەخۆیەوە نەبینێت و ناهاوســـەنگی لەنێوان کەرتەکانی بازرگانی و کشـــتوکاڵ و پیشەســـازیی و خزمەتگوزاریی دروســـت نەبێت، هەروەها ڕێگە نەدرێت پارەیەکی زۆری هەرێم لەڕێگای کۆمپانیاکانی بیانـــی گەشـــتیاریی و بازرگانـــی و بەڵێندەرایەتی بچێتە دەرەوەی هەرێم.

ســـەبارەت بەپاشـــکەوتەیی ئابووری هەرێمی کوردستان بە ئابوورییەکی ناســـەقامگیری پڕ لەکێشـــمەکێش و نائارامی سیاســـی و ئابووری حکومەتی ناوەندەوە بەســـتراوە دکتۆر ئەمین ئەلئیدریسی وتی: تا ئێستا ئابووری هەرێم نەیتوانیوە لەپاشکەوتەیی ئابووری مەرکەزی حکومەتی بەغدا دەربازی بێت، ئەم حاڵەتە بەتەواوەتی لەبەشـــە داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو دەردەکەوێت، واتا پشتبەســـتن بە ١٧٪ی بەشـــە بودجەی هەرێمی کوردســـتان لەبودجەی گشتی عێراق کە خۆی لەخۆیدا لەباشـــترین کاتدا لە ١١-١٢٪ تێپەڕ ناکات، ئەمـــە بەیەکێك لەپاشـــکەوتەکانی دارایـــی و نەختینەیی هەرێمـــی کوردســـتان دادەنرێت، هەربۆیـــە بەبێ گۆڕینی شـــێوازی بەڕێوەبردنی ئابـــووری بـــۆ کۆنفیدراڵی توانای بڕیاردانی ئابووری و دانانی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و مۆرکردنی گرێبەست و ڕێکەوتنامەکانمان لەگەڵ وڵاتانی بیانی نابێت، کەواتە ئاراســـتەکردنی شـــێوازی بەڕێوەبردنی ئابووری بەرەو کۆنفیدراڵی تەنیا ڕێگای سەربەخۆیی زیاتری ئابـــووری هەرێم و دەربازبوونە لە پاشـــکەوتەیی و ئەگەری ســـەپاندنی گەمارۆی ئابووری.ئەزموونـــی کۆنفیدراڵی و شێوازی بەڕێوەبردنی سەربەخۆیی ئابووری لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بەتایبەتی لەئەوروپا پەیڕەو دەکرێت.

سەبارەت بەناوخۆیی هەرێمی کوردستان و ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێم پەیڕەوی بکات دکتۆر محەمەد شوکر شارەزا لەبواری ئابووری وتی: سەربەخۆیی ئابووری پێویستە لەسەربەخۆیی پشتبەستن بەداهاتی بودجەی عێراقەوە دەست پێ بکرێت، واتا گەر بمانەوێت سەربەخۆ بین و ئابوورییەکەمان بەپاشکەوتەیی نەمێنێتەوە کە بەردەوام هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی بڕینی داهات و بژێوی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانمان لێنەکرێت ئەوا دەبێت بەدوای سەرچاوەی داهاتی نوێ بگەڕێین، لێرەدا ئەو پرسیارەی کە ئێمەی ئابووریناسان و سیاسەتمەداران و بڕیار بەدەستدانی هەرێمەکەش بەدوایدا وێڵین ئەوەیە؛ تا چ رادەیەك لەوڵاتێکی بەناو فیدراڵی وەکو عێراق سەربەخۆیی ئابووریمان دەست دەکەوێت ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام لەئابووری هاوچەرخدا هیچ شتێك قورس نییەو دەکرێت لە ئێستاوە بیر لەدانانی بانکێکی دایك لەهاوشێوەی بانکی ناوەندی بکەینەوەو کاری بۆ بکەین تاوەکو بتوانین زاڵ بین بەسەر هەڕەشەو پاڵەپەستۆکانی مەرکەز کە لەبواری دارایی و نەختینەیی بەرامبەر هەرێمەکەمان دەکرێت تەنانەت بواری دارایی و نەختینەیی دوو هۆکاری سەرەکی بوون بەدەوڵەتەو ئابووری سەربەخۆیی تەواو پیادە ناکرێت بێ ئەوەی خاوەنی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی نەبین، لێرەدا لەم قۆناغە پێویستە سیاسەتی ئابووری دابڕێژینەوە تاوەکو ببێتە هەوێنێك لەداهاتوودا بۆ سەربەخۆیی دارایی و نەختینەیی، واتا هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی لەسەر ئابووری و داهاتی خۆی هەبێت و سەربەخۆیی ئابووری لەزۆربەی بوارەکاندا هەبێت ئەوەتا سەربەخۆیی ئاوو وزەو کارەبامان بەدەست هێناوە لەکاتێکدا کەسانێك هەبوون ئەمەیان بەکارێکی ئاستەم دەزانی، ئەمە دەستکەوتەو هەنگاویشە بۆ سەربەخۆیی تەواویی ئابووری واتا کەرتەکان بەرەو خودبژێویی ببەین و لەپاشکەوتەیی مەرکەزو وڵاتانی دەوروبەر دەرباز بین، هەروەکو چۆن لەبواری ئاسایش و سەربازیی و ئیدارەو یاسایی و پێترۆڵ و کارەباو وەبەرهێنان جیاوازین و تارادەیەکی باشیش لەحکومەتی مەرکەزی سەربەخۆین، عێراق پێویستە لەبواری بانکی و دارایی و نەختینەیشدا جیاواز بین. پێموایە کردنەوەی لقێکی بانکی ناوەندی لەهەرێمە فیدراڵیەکان بەپێی یاساو دەستوور لەعێراقدا رێگا پێدراوە . هەرێمی کوردستان لەقۆناغی ئەمڕۆ دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەم لقە بانکەو تەنانەت کردنەوەی بانکێکی مەرکەزیش بۆ هەرێمی کوردستان بەڕەوا دەبینم، ئەوەتا هەرێمەکانی هۆنگ کۆنگ و تایوان خاوەنی بانکی ناوەندین و سیاسەتی دارایی و نەختینەیی خۆیان هەیە.

هەر بۆیە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بانکێکی مەرکەزی هەبێت بەو پێیەی هەموو شتێك لەعێراقدا بەسیاسەت کراوەو لەرێڕەوی یاسایی و دەستووری دەرچووە، ئەوەتا بانکی ناوەندی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی بڕیارە ئابوورییەکان نییە بەقەد ئەوەی بەسیاسی کراوە.




دکتۆرحوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا بۆ (گوڵان):

## بۆ ئەوەی بتوانین باسی ئابووری بەهێز بکەین دەبێت بەرهەم و داهاتە نەوتییەکان زیاد بکرێت



دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی بۆ (گوڵان):

## پەیڕەوکردنی شێوازی کۆنفیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری لەم قۆناغە هەستیارەدا پێویستە



دکتۆر محەمەد شوکر بۆ (گوڵان):

## پێویستە سیاسەتی ئابووری دابڕێژینەوە تاوەکو لەداهاتوودا ببێتە هەوێنێک بۆ سەربەخۆیی دارایی و نەختینەیی